# دوو نامە

**ئا: سەرنووسەر**

*** نامەی یەکەم**

**نامەیەکی عەبدوڵڵا سەڕاج**
**هەولێر – لە ٢٠٠٦/٣/٢ دا.**

خوشک و برایانی هێژا، نسار خان (١)، کاکە شێرزاد (٢)ی بەڕێز.

لە پاش سڵاوی گەرم و دەسگوشین و چاو ماچ کردن.

ئاگادارن لەوەی کە تەنیا (.) خاڵێک (رحمة للعالمین) دەکاتە (زحمة للعالمین) و .. سەر و بۆرێکی قورئان جێگۆڕکێیان لە (ویخشی الله من عبادە العلماء) لە ئاییندارییەوە دەبێتە کوفر و ئیلحاد! ئەم ڕێسایەش تێکستی ئەدەبی – بەتایبەتیش جوانسازی – علم الجمال دەگرێتەوە. دەزانم و زۆر دڵنیام لە ماندیبوونی پەنجەکانتان و شەکەتیی دیدەکانتان و .. بەرز و باڵایان دەنرخێنم، وەلێ ئاواتێکم هەیە و لەوانەیە بیبەمە گۆڕەوە، کە بەرهەمە (بێچووە)کانم، بەبێ هەڵەی چاپ، چاویان بپشکوێت، ئاخر بەندە (بۆ پێکەنین) لە دەست ئەو هەڵانە هەڵاتووم و لە (ونگە = متاهة = Labyrinth)دا گۆڕ غەریب دەبم، مانەندی مەولانا خالید و حەزرەتی نالی و حاجی قادری کۆیی و .. کێ و .. کێ.. باوەجوو، ئەز ناگەمە ئاستی کەوشی ئەوان.

خۆزیارم بە تەنگی دوایین پێداچوونەوەمدا بێن و پشووتان لەگەڵمدا درێژ(خایەن) (٣) بێت و نازی بە سالاچووی (ـەکی) (٤) سەرووی حەفتا بە (هەند) وەربگرن.

دووبارە چاوە گەشەکانتان ماچ دەکەم. سوپاسی بێ پایانم بۆ گۆڤاری (ڕامان) و کارمەندە چوست و لەخۆبوردەکانی، بەتایبەتی ڕەخنەگری دۆستی دێرینم کاک ئازاد (٥) و شاعیری نزیکی ڕۆحم (ڕەنجدەر) (٦).

**دڵسۆزتان**
**عەبدوڵڵا سەراج**

**پەراوێزەکان:**

**(١) نسار خان: (نسار عەبدوڵڵا)یە، کچی ئامۆزای عەبدوڵڵا پەشێوی شاعیرە، هەڵەگرێکی زۆر چاکی دەزگای ئاراس بوو.**

**(٢) کاکە شێرزاد: مەبەست لێی (شێرزاد فەقێ ئیسماعیل)ـە، کە ئەویش هەڵەگری دەزگای ئاراس بوو.**

**(٣) درێژخایەن: درێژ ڕاستە، بۆیەش (خایەن)م خستووەتە نێوان دوو کەوانەوە، چونکە زیادە.**

**(٤) بەساڵاچووی: بەساڵاچوویەکی ڕاستترە.**

**(٥) کاک ئازاد: مەبەست لێی ئازاد عەبدولواحیدە.**

**(٦) ڕەنجدەر: مەبەستی سەباح ڕەنجدەرە.**

**سەرنج: نازانم باسی کام کتێبەی دەکات کە بایەخ بە هەڵەچنییەکەی بدرێ.**

*** نامەی دووەم**

**نامەیەکی هونەرمەند ثاری بابان (١)**

بۆ هاوڕێ و برای بەڕێزم کاک ئازاد عەبدولواحید

ئەم کاتە و هەموو کاتێکت هەر شاد بێت و ڕێز و سڵاوم هەیە بۆ بەیان خان (٢) و چاوی منداڵەکان ماچ ئەکەم، هەروەها پەری (٣) هەردەم هەواڵتان ئەپرسێت. زۆر حەز ئەکەم سەردانتان بکەم و لەو ماوەیە دێم، بەداخەوە چی لەو سنوورە ناهەموارە دەکەیت کە زۆر بەگران لە نێوان شارەکانی خۆماندا هاتوچۆ دەکەین (٤). من جاروبار هەواڵی تۆم پێ ئەگات و ئاگاداری (ڕامان)م و نووسینەکانت دەخوێنمەوە. منیش بەخوا هەروەکوو جاران سۆفییانە خۆم هاویشتۆتە ناو هونەرەکەمەوە و بەردەوامم و ڕەنگە ئەو ماوەیە پێشانگەیەکی تایبەت بۆ کارەکانی ٩٧ (١٩) بکەمەوە، ئیتر خۆشیت و هیوای سەرکەوتنێکی بەردەوام.

**ئیمزا**

**ثاری بابان**

**١٩٩٧/٨/١٢**


**پەراوێزەکان:**

**(١) عومەر عوبێد کە بە ثاری بابان ناوی ڕۆیشتووە، هونەرمەندێکی شێوەکاریی ناسراوە، خەڵکی شاری کەرکووک و دانیشتووی سلێمانی بوو. ماوەیەکی زۆر لە کتێبخانەی زانکۆی سلێمانیدا کاری کرد. لەم ساڵانەی دواییدا تا خانەنشین بوونەکەی، وەک فەرمانبەر و بەڕێوەبەری کتێبخانەی گشتیی سلێمانی و (شارەزا) لەوێ کاری کرد. ئەم هونەرمەندە ناسراوە چەندان پێشانگەی تایبەتی کردووەتەوە و لە چەندان پێشانگەی هاوبەشدا بەشداری کردووە. لە حەفتاکانەوە ناسیومە و هاوڕێیەکی نزیکم بوو، بەداخەوە لە ڕۆژی ٢٠٢٠/١٢/٢٦ کۆچی دوایی کرد.**

**(٢) بەیان: مەبەست لێی بەیان عەبدولڕەزاق سەبری، دایکی تەوار، هاوژینی بەندەیە.**

**(٣) پەری: مەبەست لێی پەری ئەحمەدی هاوژینی خۆیەتی، کە مامۆستای زمانی ئینگلیزیی ناوەندی و دواناوەندییەکانی شاری سلێمانی بوو، ئێستا خانەنشینە.**

**(٤) ئەو ساڵە (١٩٩٧) گەرمەی شەڕی نەگریسی ناوخۆ بوو، بۆیە هاتوچۆی نێوان شارەکانی کوردستان زۆر قورس و گران بوو، بەو هۆیەوە نزیکەی ساڵێک بوو نەمدیتبوو، لە کاتێکدا پێش شەڕی ناوخۆ زوو زوو یەکترمان دەدی.**


هەولێر لە 21.03.2006 دا

خوشک و برایانی هێژا، نسار خان، کاک شێرزادی بەڕێز..

لە پاش سڵاوی گەرم و دەستگوشین و چاو ماچکردن.

ئاگادارن لەوەی، کە تەنیا (.) خالێک (رَحْمَةً للعالمین) دەکاتە (زَحْمَةً للعالمین) و.. سەروبۆرێکی قورئان و، جێگۆڕکێیان لە (ویخشی اللهَ من عبادهِ العلماءُ) لە ئاینداریەوە دەبێتە کوفر و ئیلحاد! ئەم ڕێسایەش تێکستی ئەدەبی ـ بەتایبەتیش جوانسازی ـ علم الجمال ـ دەگرێتەوە. دەزانم و زۆر دڵنیام لە ماندیبوونی پەنجەکانتان و.. شەکەتیی دیدەکانتان و.. بەرز و بالایان دەنرخێنم؛ وەلی ئاواتێکم هەیەو، لەوانەیە ببیەمە گۆڕەوە، کە بەرهەمە (بێچووە) کانم، بەبێ هەڵەی چاپ، چاویان بپشکوێت، ئاخر بەندە (بۆ پێکەیین) لەدەست ئەو هەڵانە هەڵاتووم و لە (وێنگە = المتاهە = Labyrinth)دا گۆڕ غەریب دەبم مانەندی مەولانا خالید و حەزرەتی نالی و حاجی قادری کۆیی و ...کێ و ..کێ .. باوەجوو، ئەزناگەمە ئاستی کەوشی ئەوان..


خۆزیارم بە تەنگی دواییەوە پێداچوونەوەمدا بێن و پێشوتان لەگەڵدا درێژخایەن بێت و، نازی بە ساڵاچووی سەرووی حەفتا بە (هەند) وەربگرن..

دووبارە چاوە گەشەکانتان ماچ دەکەم.

سوپاسی بێ پایانم بۆ گۆڤاری (ڕامان) و کارمەندە چوست و لەخۆبوردەکانی، بەتایبەتی ڕەخنەگری دۆستی دێرینم کاک ئازاد و شاعیری نزیکی ڕۆحم (ڕەنجدەر).

دڵسۆزتان

عەبدوڵلا سەراج


بۆ هاوڕێ و برای بەڕێزم کاک ئازاد عبدالواحید

ئەم کاتە و هەموو کاتێکت هەر شاد بێت و ڕێز و سڵاوم هەیە بۆ بەیان خان و چاوی منداڵەکانت ماچ ئەکەم هەروەها پەری هەردەم هەواڵتان ئەپرسێت. زۆر حەز ئەکەم سەردانێکت بکەم و لەو ماوەیە دێم بەداخەوە چی لەو سنوورە ناهەموارە دەکەیت کە زۆر بەگران لە نێوان شارەکانی خۆماندا هاتوچۆ دەکەین من جاروبار هەواڵی تۆم پێ ئەگات و ئاگاداری ڕامانم و نووسینەکانت دەخوێنمەوە، منیش بەخوا هەروەکو جاران سۆفییانە خۆم هاویشتۆتە ناو هونەرەکەوە و بەردەوامم و ڕەنگە ئەم ماوەیە پێشانگەیەکی تایبەتی بۆ کارەکانی ٩٧ بکەمەوە ئیتر خۆشیت و هیوای سەرکەوتنێکی بەردەوام

ثاری بابان

١٩٩٧/٨/١٢